کچە بەندەیەکی لە کچە بەندەکانی مەدینە دەستی پێغەمبەری دەگرت -صلى الله عليه وسلم- ودەیبرد بەرەو هەر شوێنێک بیویستایە

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «کچە بەندەیەکی* لە کچە بەندەکانی مەدینە دەستی پێغەمبەری دەگرت -صلى الله عليه وسلم- ودەیبرد بەرەو هەر شوێنێک بیویستایە». *(کچە بەندە: مەبەست خزمەتکار وکۆیلەکانە کە پێی دەووترێت -أَمة-)

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە سادەیی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- باسدەکات؛ ئەو بەڕێزترین وباشترینی بوونەوەرە خودا دروستی کردبێت، کچە بەندەیەک (ئەمەیەک) لە کچە بەندەکانی مەدینە دەهات بۆ لای ودەستی دەگرت ودەیبرد بۆ هەر شوێنێک بیویستایە بۆئەوەی یارمەتی بدات بۆ جێبەجێکردنی پێداویستیەکانی، ئەمە بەڕێزترین بوونەوەرە ونالێت بەم ئەمەیە بۆ کوێ دەمبەیت، یان بڵێت: بڕۆ بۆ لای یەکێکی تر، بەڵکو لەگەڵی دەڕۆیشت بۆئەوەی پێداویستیەکانی بۆ جێبەجێ بکات، لەگەڵ ئەمەشدا خوای گەورە زیاتر شکۆداری کرد وبەرزی کردەوە -صلى الله عليه وسلم-، تێبینی: مەبەست لە دەستگرتن ئەوە نییە کە دەستی کچە بەندە بەر دەستی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەکەوت بەڵکو مەبەست ئەوەیە لەگەڵی دەڕۆیشت بۆ هەر شوێنێک بیویستایە ئەمیش وەکو ئەوە وایە دەستی گرتبێت، ئەم فەرموودەیە سادە بوونی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەردەخات لە چەند ڕوانگەیەکەوە؛ کچە بەندەیەک (ئەمەیەک) بوو نەک کوڕ بێت، وهەروەها بەندە (کۆیلە) بوو نەک ئازاد بێت، ئینجا هەر ئەمەیەک بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5655